----------------------------------------------------------------------------------------------------

# ژینۆ سایدلە ڕێگای فاکتەری ئایین و ڕەگەزیی وجۆگرافیای سیاسی لە نێوان هەرمەنی، کورد و ئازەری

شەفیع خزری-شنۆ
Khezry1968@gmail.com

**پوختە:**
ناوچەی ڕۆژئاوای ئێران ڕۆژهەڵاتی عوسمانی وباشووری ڕوسیا و بەتایبەتی ناوچەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە دوای دەسەڵاتی سەفەویەکان بۆ سەر ئێران و دانانی حکووومەتی شیعی وشەڕێ ئایینی ئێران، هەر سێ دەسەڵاتداری ناوچەکە بەسێ باوەڕ وئایینی جۆراوجۆر وەک ئیسلامی شیعی، ئیسلامی سوننە ومەسیحی ئۆرتۆدۆکسی کەنیسەی ڕۆژهەڵات بە نوێنەرایەتی کەنیسەی ڕوسیا، ئەو ناوچەیە یەکێک لە بێ بزەیی ترین شەڕەکان و کۆمەڵکوژی گەلان بە تایبەتی گەلی هەرمەنی کە چکۆڵەترین دەسەڵاتی سیاسی نەبوو،نەخشاند.
زل هێزانی دەسەڵاتدار وەکوو ئێران، عوسمانی وروسیا هەر یەک هاندەر و پشتیوانی بەشێک لە لایەنگرانی خۆیان بوون کە بە دانی چەک وتەقەمەنی و دابەش کردنی زەوی وزاری بەجێ ماو، لە ناوبردنی گەلانی تر، بوون بە هۆی گواستنەوەی بە کۆمەڵ،ماڵ وێرانی، قەیرانی قاتی وقڕی ونەبوونی، نەخۆشی گەورە وچارەڕەشی بۆ گەلانی کە پێش ئەو شەڕانە بە هەموو جیاوازیەکانیانەوە لەڕووی ئایینی ونەتەوە پێکەوە ژیانێکی خۆش یان پێک هێنابوو، دەیان بردەسەر وگوزارانیان دەکرد.
لەو توێژینەوەیە دا لە ڕووی جۆگرافیا، مێژوو و سروشت لەسەر ئەو خاڵانەی خوارەوە تێروانینێکی شیکارانە کراوە.
جوگرافیای نیشتەجێی حکوومەتی ئەرمەنی وکورد( دەسەڵاتی سیاسی حکوومەتی ناوچە،دەسەڵاتی ئایینی و ناوخۆیی)،جۆگرافیای مێژووی ناوچە، جۆگرافیای سروشتی وبەڕێچوون وژیان، سیاسەتی دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی ناوچە وکەڵک وەرگرتن لە ئایین بۆشەڕی تورک، ڕووس وئێرانیەکان، ڕووداوەکانی جیهانی وکارگێریان لەسەر ناوچە( شەڕەکانی ئێران وعوسمانی، ڕوس وعوسمانی، نەخۆشیەگەورەکان وشەڕی یەکەم جیهانی)، شەڕی نێوان هەرمەنی وکورد(کۆمەڵ کوژی، قەیرانی پاش شەڕ ودەربەدەری ئەرمەن ودۆخی ئێستای ئەرمەنیەکان لە ناوچە دا) و هەروەها بەسەر هاتی ناوچە وگەلانی کورد و ئەرمەنی وئازەری هاتووتە بەر باس ولێکۆڵینەوە.
**وشەی سەرەکی:** ژینۆ ساید،ئایین ورەگەز، کورد، ئەرمەنی، ئازەری

---

## عوسمانی کان نونیری ئایینی(ئیسلامی سوننە)

لە سەرەتای سەدەی شازدەهەم هاتنەسەرکاری پادشایەتی دەسەڵاتی سەفەوی لە سنووری ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، گۆڕانکاری ئایینی بەتوندی خستە ژێر کاریگەری خۆی[١].

کاریگەری مەعنەوی سەفەوی لە نێوان هۆزە تورکومانەکانی ئانادۆڵ وگەشەی ڕۆژبەڕۆژی بیروڕای شیعە مەترسی بۆ عوسمانیەکان بوو.زانایانی عوسمانی لایەنگرانی سەفەوی بە ڕافزی(کافر) نێو دەبرد وئەو کردەوانەی وەکوو زیارەتی ئەردەبێڵ وشائیسماعیل بە سەر زیارەتی مەککە وپێغەمبەری ئیسلام لە مەدینە ونوێژ نەکردن، ڕۆژوو نەگرتن ووتنی ئەو جورە وتە کافرانەیەیان بەوانە نیسبەت دەدا وئەوانیاین بەڕافزی دەناسی کە ڕەفزی خۆیان نیشان داوە[٢].

ڕێگا چارەیەک کە سوڵتان بایەزیدی دووهەم لە هەمبەر پڕۆپاگەندەی سەفەوییەکان لە بەر چاوی گرت،ڕەقیبێکی لە قەبارەی تەریقەتی سەفەوی بوو. ئەو هەوڵیدا بە هینانە مەیدانی مەکتەبی سۆفیگەری وەکوو بەکتاشییە،مەولەوییە،خەڵوەتییە هەتا نەقشبەنییە، ئەو تەریقەتانە وەکوو ڕەقیبێکی بەهێز وخەڵکی لە هەمبەرسەفەوییەکان زەق کردەوە. پشتیوانی لە سۆفییەکانی خەڵوەتییە کە هۆگری محیبەتی خانەدانی خۆشەویستی خوا(ئەهلی بەیت) بوون و لە ئازەبایجان سەرچاوەی وەردەگرت، سیاسەتی دووبارە بەسوننی کردنی ئەو ناوچانەی دەست پێکرد[٣].

لە تەریقەتی بەکتاشییە کە زۆر بە هێز بوون وهاوسێی قزڵباشەکان، پشتیوانی تەواویان دەکرد وبە پڕۆپاگەندەی بەربڵاو وکۆ کردنەوەی مورید ولایەنگران و دانانی تەکیەی بەکتاشییە لە هەمبەر قزڵباشەکان وەستانەوە[٤].

بە واتای ئەحمەدپاشا ئوجاق نۆژەنی تەریقەتی بەکتاشییە بە ئامانجی لەناو بردنی گاریگەری سەفەوی لە ناو دەڤەری عوسمانی ڕووی دا. هەتا بە هۆی

---

[١] . عبادی، مهدی، بحران مشروعیت سلطان سلیم و ارتباط آن با جنگ چالدران تاریخ تمدن اسلامی، تهران١٣٩٣

[٢] . عاشق پاشازاده، احمد، تواریخ آل عثمانی استانبول، مطبعه عامه ١٣٣٢

[٣] . پورگشتال، حامر، تاریخ امپراطور عثمانی ا، ترجمه میرزا زکی علی آبادی، تهران: زرین ١٣٦٧

[٤] . منصوری، فیروز، رازهایی در دل تاریخ   تهران: زرین ١٣٧١

بوونی بیر و ڕا و ئەندێشەی وەکوو سەفەوی لە چوونە ڕیزی لایەنگرانی تەریقەتی عەوامی بە سەفەوی پێشگیری بکا[٥].

نەقشبەندییە کە پێوەندی زۆر نزیکی دەگەڵ سوڵتانەکانی عوسمانی هەبوو بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی شوێندانەرانە بەتایبەتی لە نێو کوردەکانی هاوسنووری سەفەوییە پێشیان بە پەرەی بیر وبڕاوایان گرت ولە هەمبەریشی وەستان.
هێدی هێدی بە تەواو بوونی لەمپەرەکانی مەعنەوی سوڵتان سەلیم لە دوای بەهانەی مەزهەبی شەڕ دەگەڵ سەفەوی بوو و فەرمانی دا هەتا ئەنجوومەنێک پێک بێت وزاناییانی سوننی بۆ بە کافر زانینی سەفەییەکان ودەرکردنی فەرمانی کوشتنیان خەڵک دژ بە سەفەوی هان دەن و ڕەنگ ورووی ئایینی بەو فەرمانە پێ ببەخشن[٦].

سوڵتان سەلیم پێش لەشەڕ دەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی ئاگاداری حاکمانی شیعە ولایەنگرانییان لە هەرێمی عوسمانی ببوو و فتوای کوشتنی وەرگرتن. سەبارەت بەو پرسە لە زۆربەی زانایان ڕای وەرگرت و شەڕ دەگەڵ سەفەوی شەرعییەت پێدا کە سوڵتان سەلیم، دەستی بە کوشتاری چل هەزار کەس لە ڕەعییەت گەلی عوسمانی لادەر بۆ لای شیعە و بە تاوانی لایەنگری سەفەوی کرد[٧].

خواجە سەعدەدین ئەفەندی کە مێژوونووسی فەرمی دەرباری عوسمانی بوو ئاماژەی کردۆتە سەر ئەو کوشتارە وبە تۆمارکردنی نێوی کەسانی تەمەنی حەوت هەتا حەفتا ساڵەی ئەشقیای چل هەزارکەسی یاد دەکات[٨].

پاش ئەنجامی ئەو پێشدەستیانە سوڵتان سەلیم ئامادەی شەڕی سەفەوی دەبێ ولەشکرکێشی گەورەی خۆی بۆ لای سنووری ئێران وەجووڵە دێنی و لە ساڵی١٥١٤ لەشەڕی چاڵدران سەرکوەتوو دەبی ولەشکری هەتا تەورێز دەچێتە پێش.
بە دوای ئەو شەڕە، سپای عوسمانی لە نامەیەکی بەشکۆوە بۆ سوڵتان دەنووسن:
نزیکەی چل وپێنج هەزار کەس لە وڵاتی ئێمە ونزیکەی بیست هەزار کەس لە وڵاتی ئێران بە تاوانی شیعە بوون قوربانی شمشێر کران. زانایانی توندی ئایینی

---

[٥]. منصوری، فیروز، رازهایی در دل تاریخ تهران: زرین ١٣٧١

[٦]. امامی خویی، محمدتقی، تاریخ امپراطوری عثمانی تهران سمت ١٣٩٥

[٧]. بدلیسی، ادریس، شرفنامه ترجمه استاد هه ژار تهران سروش ١٣٧٩

[٨]. افندی، خواجه سعدالدین، تاریخ التواریخ، استانبول مطبعه عامره ١٢٧٩

ئێمە بە خواڵقاندنی فەزای کافربوون(رافزی)کلاویان خستۆتە سەرجەنابی خاوەن شکۆ وئیمەیان بۆ کوشتنی موسوڵمانان هانداوە[٩].

تەنانەت هەتا دوایین ساتەکانی سەردەمی سەفەوی، ئەو کاتەی ئەفغانی یەکان بەسەر ئێراندا زاڵ بوون و دەسەڵاتیان وەئەستۆ گرت، هێشتا فتوای کوشتنی شیعەکان ڕاستەوخۆ لە ئەستەنبووڵ دەردەکرا.

ڕووسیا لەساڵی ١٨٧٨ دەگەڵ عوسمانی دەستی بە شەڕ کرد. سوڵتان عەبدولحەمید تەواوی هێزی شەڕی خۆی وەکوو هێزی چەکداری عوسمانی، حاکمانی ناوچەیی و هێزی ئایینی لایەنگری شێخ وسۆفیەکان لە تەواوی ناوچەی کوردستان تەنانەت لە ئێرانیش بە پیر دەرکردنی فەرمانی جیهاد هێنایە ناوشەڕ.

عەللامە قازی محەممەد خزری دەنووسیت: ساڵی بەشدار بوون، بەشداران لە خەزا وجیهاد دەگەڵ ڕووسی گڵاو بە نان وئاوی خۆیان وشمشیریک بە لایەنگری لە شێخ عوبەیدولا شەمزینی هاوڕێ دەگەڵ زیاتر لە سەت کەس لە سۆفی گەلی شنۆیە بەرەو شەمزینان وەڕێ کەوتن.

لە دەقی فەرمانی بانگێشەی جیهاد ئاماژە بە داواکاری عوسمانی کراوە ودەنووسی کە تەدارەکی شەڕ لە ئەستۆی ئەوان(عوسمانی)ە. و ڕادەی هێزی چەکدار نزیکەی پەنجا هەزار کەس بووە[١٠].

لە بەشێکی تر دا دەنووسی: چوونکە دەوڵەتی ڕووسیا داگیرکەر ولەڕووی دوژمنایەتی دین هیمەتی ڕق ودژایەتی دەگەڵ دەوڵەتی ئیسلام ودەسەڵاتی سوننی بەستووە، خەڵک ....

ولە بەشێکی تر ئاماژە دەکاتە ئەرمەنی ونسارا کە هیچ حوکمی کافر یان شەڕیان بۆ دەرنەکراوە. تەنیا دەنووسی: هەرچەند هەتا ئێستا مەکر وفێڵی وپالپشتی نهێنی دوژمنی دین ودەوڵەت کە جاروبار تایفەی نسارا ومیللەتی عیسایی(فەلە) لە نێو خاک وزەوی دەوڵەت دژ بەئیسلامن وئەرکی ڕەعییەت وسەردانواندنیان بە جێ نەهیناوە وخەڵکیشیان بۆ دژایەتی هان داوە.

شێخ عوبەیدولا لەمەڕ داخوازی دەوڵەتی عوسمانی دەنووسی[١١]:

چون رجوعم از زیارت گاه شد　　امر آمد از سوی دولت به جد

که کنم ترویج و تشویقی تمام　　بر جهاد روس بهر خاص و عام

واتە لە کاتی گەڕانەوەم لە زیارەت(حەج) فەرمانی دەوڵەت(عوسمانی) هات وئەمنیش خەڵکم هاندا بۆ شەڕ وجیهاد دژ بەڕووسەکان.

---

٩. لکمارت، انقراض سلسله صفوی تهران علمی فرهنگی ١٣٩٤

١٠. خاطرات علامه قاضی محمدخضری، مجله مهاباد شماره٩٣ پاییز سال ١٣٨٨

١١. تحفه الاحباب یا مثنوی شیخ عبیداله شمزینی با تلاش سید اسلام دعا گو ارومیه حسینی ١٣٩٠

## سەفەوییەکان نونیری ئایینی(ئیسلامی شیعی )

سەفەوی لە ساڵی ١٥٠١ بە هێزی شمشیر و کوشتنی دژبەران و سەرکەوتن لە تەورێز، دەوڵەتی سەفەیان پێک هینا. ئەوان بە پاڵپشتی مەزهەبی شیعە وبە نێوی جیهاد چالاکی وپروپاگەندەی ئایینی وچەکداری خۆیان لە ئازەربایجان و ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵ بردە پێش و شائیسماعیل لە مزگەوتی جامیعەی تەورێزێ مەزهەبی شیعەی وەکوو مەزهەبی فەرمی ڕاگەیاند[١٢].

پاش وی دابی تولی وتبری لە وڵاتی ئەوان بەڕێوە چوو[١٣]. خودی شا دەنووسی:

ڕۆژ بەڕۆژ مەزهەبی سەفەوی لە زیاد بوون دایە و وگەشە وڕێگای خواری سونییەکان لە دابەزینە هەتا ئەوجێگایەی کە لە وڵاتی عەجەم کەس بوێری ئەوەی نیە سوننی بوونی خۆی بدرکێنی.
پروپاگەندەی سەفەوی ڕاگەیاندنی بەربەرەکانی سەرەکی دەگەڵ ئەندێشەی عوسمانی بوو وبە ناردنی کەسانێک بۆ پرۆپاگەندە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵ هەوڵیان دا ئەو ناوچانە بخەنە ژێر چاوەدێری خۆیان، بە تایبەتی تایفەی قزڵباش کە لە ڕەخنەگرانی عوسمانی بوون ومەکۆی پرۆپاگەندەی سەفەوی بوون.
قزڵباشەکان لە دەروێشانی سەفەوی ولایەنگرانی خانەقای ئەردەبێل بوون. لە سەر فتوای زانایانی خۆیان هەر کەس دژایەتی کردبایە هێرشی دەکرا سەر وتاڵان دەکرا وخوێنیان مباح وزەویەکانیان زەوت دەکرا ودەدرایە هاوپەیمانان و لە ژنان ومنداڵانیش وەکوو دیل وهێزی بەرگری کردن کەڵک وەردەگیرا.
شاکانی سەفەوی سوننی مەزهەبەکانیان لە هەرێمی خۆ وەکووبە نەیار وجاسووس دەدیت.
توندگرتن لە سوونیەکان ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبوو ولە ژیان تەنگیان پێ هەڵچنیبوون هەتا ئەو جێگایە جەلالەدین محەممەد یەزدی میرزای تایبەتی شاعەبباس لێکدا لێکدا باس لە توند وتیژی دژ بە سوننی یەکان دەکات[١٤].

قزڵباشەکان بێ ترس هێرشیان دەبردە حاکمانی دەوروبەر ودەبوونە هۆی ئەوەی کە ئەوان بە ناردنی قاسید بۆ ئیستەنبووڵ داوای یارمەتی بکەن.
لە ساڵی ١٥١٤لە شەڕی چاڵدران هێزی سەفەوی شکستیکی گەورەی خوارد وبوو بەهۆی ئەوە کە ئەوان سیاسەتی خۆیان لە ناوچەکانی هاوسنووری

---

[١٢] . اسکندر بیگ، تاریخ عالم آرای عباسی مصحح یداله شکری تهران بنیاد فرهنگ ایران ١٣٥٠

[١٣] . اسکندر بیگ، تاریخ عالم آرای عباسی مصحح یداله شکری تهران بنیاد فرهنگ ایران ١٣٥٠

[١٤] . اسکندر بیگ، تاریخ عالم آرای عباسی مصحح یداله شکری تهران بنیاد فرهنگ ایران ١٣٥٠

عوسمانی بگۆرن، بەشێکی گەورە لە خاکی ئێران لە لایەن عوسمانی وە داگیر کرا وبوو بە بەشێک لە خاکی عوسمانی. تەنانەت ساڵێکش پێتەختی سەفەوی(تەورێز) داگیر کرا. سەفەوی سیاسەتی خۆی گۆری گۆری ودەستی کرد بە سووتاندنی زەوییەکانی مابینی دوو وڵات. سیاسەتی زەوی سووتاو بوو بەهۆی کۆچی ناچاری دانیشتووان بۆ ناخی ناوچەکانی تری ئێران وبەشێکی گەورە لە عیلات وهۆزە کوردییەکانی دانیشتووی سنووری باکووری کۆچپێکراو. شەڕی لێکدالێکدا وماڵوێرانکەری دەگەڵ عوسمانی دەسپێکرد کە ساڵەهای ساڵ شوێنەواری مایەوە.

لە ساڵەکانی ١٦٠٧ شاعەبباس پاش بەستنی گرێبەست دەگەڵ عوسمانی هێرشی بردە سەر گورجستان وداگیری کرد ئەو ناوچانە زۆربەی ئاشۆری وئەرمەنی بوون. فەرمانی بە مزگەوت کردنی کەنیسەکان درا و بە زۆرە ملی هیندێک لە جولەکەکان و ئەرمەنیەکان، مەزهەبیان بۆ ئیسلامی شیعە گۆردرا[١٥] .

شاعەبباسی یەکەم زۆربەی خەڵکی ئەرمەنستانی کە ئەرمەنی وخاوەنی پسپۆری سەنعەتی بووون،نێردرانە شاری ئیسفەهان وحکوومەتی ئەرمەنستانی دایە دەست کەسانی سەربە خۆیان هەتا تیجارەت دەگەڵ ئورووپایە دەدەست بگرن. ڕێژەی ئەرمەنیەکانی کە نێردرانە ناوەندی ئێرانێ زیاتر لە پێنج هەزار بنەماڵە بووە[١٦] .

دەوڵەتی سەفەوی لە سەربنەمای ئایدئۆلۆژی وفەهەنگی دامەزرا کە گرینگترین تایبەتمەندی لایەنی سیاسی، ئایینی مەزهەبی شیعە بووە کەلەچوار بوار وەجووڵە کەوتووە.

١.لایەنی مەزهەبی وئایینی: سەرەتا بە بەهانەی شەڕ دەگەڵ کافران ومەسیحی و دەپەراوێز خستنی سوننی یەکانی داغستان، شێروان وقەفقاز

٢.لایەنی ئابووری:داگیر کردنی زەوی و زاری زیاتر و دەست بەسەرداگرتنی ڕێگا وبان و سەرچاوە گەلی ئابووری

٣.لایەنی تیجاڕی: ئەنجامی مامەلە دەگەڵ ناوەندە بازگانییەکانی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی ئۆرووپا.

٤.لایەنی ڕامیاری وسیاسی: حەزی داگیر کردنی خاک و زێدی ئاشۆری ، ئەرمەنی وسوننیەکان[١٧] .

ئەرمەنییەکان وەکوو دەسەڵاتیکی سیاسی بەڵکە وەکوو نەتەوە ورەگەزێکی کە ڕیشەی هیند وئوورپایی یان هەیە ولە هەرێمێکی بەربڵاوی جۆغرافیایی ڕۆژ

---

[١٥] . اسکندر بیگ، تاریخ عالم آرای عباسی، مصحح یداله شکری تهران بنیاد فرهنگ ایران ١٣٥٠

[١٦] . امیراحمدیتن، بهرام ، جغرافیای قفقاز، تهران وزارت خارجه

[١٧] . صفت گل، منصور، ساختار نهاد و اندیشه دینی در ایران عهد صفوی، رسا تهران ١٣٨١

هەڵاتی ئانادۆڵ، قەفقاز، ئازەربایجان وگورجستان دەژیان  کە لە بواری مەزهەبی مەسیحی ئۆرتدۆکس بوون کە نێوان ناخۆشیان دەگەڵ کلیسای کاتۆلیک هەبوو وسەر بە کلیسای سەربەخۆبە نێوی کلیسای(ئیجمبازین) بوون[١٨].

زاڵ بوونی ئەرمەنییەکان بەسەر دەریای خەزەر(بەحری مازەندەران) ودەریای ڕەش کە بە مانای گەیشتن بە ئاوی ئازاد وپێوەندی دەگەڵ ئوروپا بوو بۆ ئێرانیەکان زیاتر لە عوسمانی گرینگ بوو بەو هۆیەش لە ساڵی ١٦٠٧ شاعەبباسی یەکەم هێرشی بردە سەر گورجستان وئەوێی داگیر کرد کە زۆربەیان فەلە(مەسیحی) بوون وفەرمانی دا کلیساکان بکرێنە مزگەوت وناچاریان کردن ڕوو بێننە موسوڵمانەتی[١٩].

[١٨]. تاریخ کامل نسل کشی ارمنیان، رایمون کروریکیان مقاله

[١٩]. اسکندربیک، تاریخ عالم آرای عباسی  مصحح  یداله شکری  تهران بنیاد فرهنگ ایران ١٣٥٠

---

## ئە رمن و روسیا نونیری ئایینی (مە سیحی)

ئە رمن جەماوەرییان لە خاکی عوسمانی٢٤٠٠٠٠٠کەس لە ٦ پارێزگای گەورەی وان، بەتلیس، ئەرزەرۆم، سیواس، مەعموره العەزیز ودیاربەکر نیشتەجێ بوون ولە قەفقاز، گورجستان وئازەربایجان جەماوەری ئەرمەنی نزیکەی٢١٥٠٠٠٠کەس بەراورد کراوە[٢٠].

لە سەر بەڵگەنامەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٢٢ دانیشتووانی ئەرمەنیان بە گشتی زیاتر لە پێنج میلیۆن کەس نووسراوە.
کار وپیشەی ئەرمەنییەکان لە بەندەر تجارەت ولە ناوچەکانی تریش سەنعەت وپیشەسازی ووەرزێری وئاژەڵداری بووە کە بەندەرەکانی لێوار دەریای ڕەش لە سەر ڕێگای ترانزیتی وبازرگانی ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا هەڵکەوتبوو.
بەشێک لە ئەرمەنییەکان وەکوو ئاشوری لە ناوچەی حەکاری لە ناوچەکوێشتانیەکانی مووسڵ دا نیشتەجێ بوون کە کاریان ئاژەڵداری ووەرزێری بوو وشەڕکەریش بوون و بە نێوی "جیلۆ" ناسرابوون[٢١].

هێرشی پەیتاپەیتای دەوڵەتی عوسمانی وئێران بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەرمەنیەکان، هۆکارێکی گەورە لە ڕوکردنیان بۆ لای ڕووسیا بوو وکۆچی بەربڵاویان بەرەو ڕووسیا ئەنجام دا.
سیاسەتی ڕووسەکان، گۆڕانی زۆرەملیانی ئەرمەنی، بووون بە لایەنگری کلیسای ئۆرتدۆکس بە نوێنەرایەتی ڕووسیا بوو کە ئەرمەنیاکان بەرهەڵستی بوونەوە. ڕووسەکان بە دەپەراوێز خستنی ئەرمەنی ونەهێشتن وقەدەغە کردنی دامەزراندنی کەنیسە وکلیسای ئەرمەنی، پێشی گرتن وقوتابخانەکانی تایبەتی لێ داخستن وبۆ بەڕێوەبردنی داب ونەریتی ئایینی،تاوانی خستنە سەر وئەوانیش بە هیوای پاڵپشتی وفریاکەوتنی ڕووسیا بوون. هەتاکوو بە ئەنجامی گرێبەستی ١٧٢٤ زایینی لە ئیستەنبووڵ لە نێوان ڕووسیا وعوسمانی کە دەسەڵاتی عوسمانی بەسەر گشت قەفقاز دا بە فەرمی ناسی وتەواوی هیوای ئەرمەنیاکانی بە فیرۆ بەد.
لە لایەکی دی کۆمەڵگای ئەرمەنی تووشی لێکداپرانێکی ناوخۆیی بوون کە هەرکەس هەوڵی دەدا بە هاوپەیمان دەگەڵ ڕووسەکان بەسەر ئەوی تر دا زاڵ بێت ویا دوژمنیان هان دەدا کە دژ بە ئەرمەنیەکانی تر شەڕ بکەن.

---

[٢٠]. کتاب نسل کشی و عصر مدرن، میکاییل رویکوریستکی تهران قلم ١٣٨٢

[٢١]. تحفه المریدین میرزا عبدالرحیم وفایی جمع آوری شده علامه قاضی محمد خضری شنویی، انتشارات حسینی ١٤٠٠

تێک هەڵچوونی توندی نێوان تاتار وئەرمەنی یەکان لە باکۆ لە ساڵەکانی ١٩٠٥ و ١٩٠٦ بووە هۆی زەرەر وزیانێکی زۆر. شەڕی نێوان ڕووس وئێران وعوسمانی کە لە هەر یەک لەو شەڕانە، ئەرمەنییەکان لایەنگری ڕووسیان دەکرد وئەوەشیان بۆ گران تەواو بوو. پاش کۆتایی شەڕی ئەرمەنییەکان ئیتر خۆشیان لێ هەڵگیراو و لە وڵاتی خۆیان هێمنی وئارامیشیان نەما ودەسەڵاتدارانی هاوسێ بە هاندانی دەوڵەتەکانی خۆیان هێرشیان دەکردنە سەر.

ڕووسیا ڕۆڵی چاوەدێر وهیندێ جاریش دژبەرانەی بە ئەرمەنییەکان هەبوو وله ساڵی ١٩٠٥ بە پاڵپشتی حاکمانی ڕووس بە تایبەتی شازادە"ناکامبدزە" پارێزگاری باکۆ گرووپەکانی تاتاریان چەکدار کردد وخۆیان دەقڵپ نا بۆ هێرش کردنە سەرناوچەگەلی ئەرمەنی نشین وماڵ وحاڵیان لێ سووتاندن وخەڵکی بێ تاوانیان کوشت وبڕ کرد[٢٢].

شەڕی عوسمانی ورووس لە ساڵی ١٨٧٨زایینی و لایەنگرێتی ئەرمەنییەکان دەگەڵ ڕووس وترس وجووڵەی سەبەخۆ بوونی ئەرمەنییەکان بوو بە هۆی ئەوەی کە لە ساڵەکانی ١٨٩٤ هەتا ١٨٩٦ عوسمانی بە پێکهێنانی سوپای حەمیدیە زیاتر لە سێسەت هەزا ئەرمەنی بکوژێت. شکستی ساڵی ١٩١٣ی تورکەتوندڕەوەکان لە شەڕی دووهەمی باڵکان بوو بە هۆی ئەوەی کە بۆ پاساوی ئەو شکستە ئەرمەنییەکانی بەردەست لە سالەکانی ١٩١٥ هەتا ١٩١٦ قەتڵ وعام بکرێن.

لە کاتی شەڕی جیهانی یەکەم ڕووسەکان لە ڕێگای ئێران بۆ لای عوسمانی ڕۆیشتن، لەشارەکانی ڕۆژئاوایی کوردستان جنایەتیان خوڵقاند و بە دەسپێکی شۆڕش لە ڕووسیا هێدی هێدی ئەرتەشی ڕووس لە شەڕگەکان تووشی شکست بوون وپاشەکشەیان پێکرا، ڕیبەری ئەرمەنییەکان ماڕشیموون لە تفلیس دەگەڵ فەرماندەرانی ڕووس دیداری کرد وداخوازی چەک وتەقەمەنی لێکردن و ڕووسەکانیش قبووڵیان کرد[٢٣].

ڕووسەکان لە کاتی پاشەکشە دا چەک و تەقەمەنی خۆیان لە ورمێ ڕادەستی لەشکری جیلۆ کرد کە لە ٢٢ی فەورییەی ١٩١٨ نزیکەی پێنج هەزار کەس هێزی ئەرمەنی بەڕێوبەرایەتی مارشیموون لە ناوچەی حەکاری ڕا هینایە ورمێ و پاش کوشتاری موسوڵمانانی شیعە، سوننی، کورد، تورک لە شارەکانی ورمێ، سەڵماس،شنۆ ومەهاباد وهەزاران کەسیان کوژران[٢٤].

[٢٢]. ابراهام گلنی ندائیان، درگیری ارمنی و تاتار در باکو، بوستون١٩٢٣

[٢٣]. نشریه آلمانی فرانکورتر زیتانگ۴ فوریه ١٩١۶

[٢٤]. ارومیه در محاربه عالم سوز، رحمت اله توفیق به کوشش کاوه بیات تهران پردیس دانش ١٣٨٩

ئەحمەدی کەسرەوی تاقمی کوژراوەکانی بە زیاتر لە سەت و پەنجا هەزار کەس بەرئاورد کردووە[٢٥].

بە دوای ئەو کوشت وبڕینە دا، قاتی وقڕی ونەبوونی خواردەمەنی ڕوویدا کە لە مەودای شەڕی ڕووس وجیلۆکان کاری وەرزێڕی نەکرا وناوچەی گرت وبوو بە هۆی مەرگی سەدان کەس لە دانیشتووان.
بە هاتنی لەشکری عوسمانی بۆ ئەو ناوچانە بە فەرماندەری خەلیل پاشا شەڕی ڕاستەوخۆ لە نێوان هێزی ئەرمەنی وعوسمانی ڕووی دا ئەرمەنییەکان پاڵپشتیان نەبوو وهێدی هێدی دەستیان کرد بە پاشەکشە بەرەو کرماشان ولەوێ ڕا بەرەو کەرکووک ڕۆیشتن کە لە ڕێگای جووڵەی پاشەکشە دەگەڵ پەلاماری لێکدلێکدای ئەرتەشی ئێران وکوردەکان ڕووبەڕوو بوونەوە و زەبریکی گورچوو پریان ویکەوت، بەجۆریک کە لە سێ بەشان بەشەکیان گەیشتنە هەمەدان وکرماشان[٢٦].

---

[٢٥]. تاریخ ١٨ ساله آذربایجان احمد کسروی تهران   پر ١٣٩٥

[٢٦]. ارومیه درمحاربه عالم سوز  رحمت اله توفیق به کوشش کاوه بیات  تهران  پردیس دانش ١٣٨٩

------------------------------------------------------------------------

## سەرچاوەکان:


١. عبادی، مهدی، بحران مشروعیت سلطان سلیم و ارتباط آن با جنگ چالدران تاریخ تمدن اسلامی، تهران١٣٩٣

٢. عاشق پاشازاده، احمد، تواریخ آل عثمانی استانبول، مطبعه عامه ١٣٣٢

٣. پورگشتال، حامر، تاریخ امپراطور عثمانی ا، ترجمه میرزا زکی علی آبادی، تهران: زرین ١٣٦٧

٤. منصوری، فیروز، رازهایی در دل تاریخ تهران: زرین ١٣٧١

٥. امامی خویی، محمدتقی، تاریخ امپراطوری عثمانی تهران سمت ١٣٩٥

٦. بدلیسی، ادریس، شرفنامه ترجمه استاد هه ژار تهران سروش ١٣٧٩

٧. افندی، خواجه سعدالدین، تاریخ التواریخ، استانبول مطبعه عامره ١٢٧٩

٨. لکمارت، انقراض سلسله صفوی تهران علمی فرهنگی ١٣٩٤

٩. خضری ، علامه قاضی محمد، خاطرات مجله مهاباد شماره٩٣ پاییز سال ١٣٨٨

١٠. شمزینی، شیخ عبیدالله ، تحفه الاحباب یا مثنوی شیخ عبیداله با تلاش سید اسلام دعا گو ارومیه حسینی ١٣٩٠

١١. اسکندر بیگ، تاریخ عالم آرای عباسی، مصحح یداله شکری تهران بنیاد فرهنگ ایران ١٣٥٠

١٢. امیراحمدیتن، بهرام ، جغرافیای قفقاز، تهران وزارت خارجه

١٣. صفت گل، منصور، ساختار نهاد و اندیشه دینی در ایران عهد صفوی، رسا تهران ١٣٨١

١٤. تاریخ کامل نسل کشی ارمنیان، رایمون کروریکیان مقاله

١٥. کتاب نسل کشی و عصر مدرن، میکاییل رویکوریستکی تهران قلم ١٣٨٢

١٦. وفایی ، میرزا عبدالرحیم ، تحفه المریدین گرد آوری علامه قاضی محمد خضری شنویی، انتشارات حسینی ١٤٠٠

١٧. ابراهام گلنی ندائیان، درگیری ارمنی و تاتار در باکو، بوستون١٩٢٣

١٨. نشریه آلمانی فرانکورتر زیتانگ٤ فوریه ١٩١٦

١٩. توفیق، رحمت اله ، ارومیه در محاربه عالم سوز، به کوشش کاوه بیات تهران پردیس دانش ١٣٨٩

٢٠. کسروی، احمد ، تاریخ ١٨ ساله آذربایجان تهران پر ١٣٩٥